بنکەی چاپەمەنیی ئازاد / ستۆکهۆڵم ١٩٨٦

هەموو مافێکی ئەم چاپکراوە لە سوێد و گشت جیهاندا پارێزراوە.

مافی چاپکردنەوە و لەبەرگرتنەوەی فۆتۆکۆپییانەو وەرگێرانی بۆ سەر زمانێکی دی، تەنیا بەدەست خاوەنێتی.

هەموو لێوەرگرتن و کۆپلە لێدەرهێنانێک کاتێک رێی پێدەدرێ ئەگەر وەرگر بەتەواوی دەست بۆ سەرچاوە و نووسەر و دەزگەی بڵاوکەرەوە و بنکەی چاپەمەنی رابکێشێ.

هەموو خراپبەکارهێنانێک بە پێچەوانەی سەرەوە، دەخرێتە بەردەم یاسای چاپەمەنی.

Binkey Çapemeniy Azad-Siwéd

خوشك و برايانی بەرێز هاوبیرانی ئازیز
بە ناوی ڕێکخراوی خوێندکارانی سۆسیالیستی کورد لە ئەوروپا ( سۆکسە) وە بەخێرهاتنتان دەکەین ، هەروەها زۆر سوپاسی ماموستای بەرێز **جەمال نەبەز** دەکەین بە ساز کردنی ئەم سەمینارە بە نرخە ٠ ئەم سەمینارە بریتیە لە پێ هەلسانێکی زانیاریانەی بەنرخ و هۆیەکە بۆ لە یەك نزیك کردنەوەی خوێندکاران وڕۆشنبیرانی کورد لە دەرەوەی وولات لە ڕێ ی بە پیت تـــر کردن و بە هێز تر کردنی خەباتمان لە پێناوی **کوردستانیکی ئازاد** و گەلێکی یەکساندا ٠ جگە لەوە ئامانجێکی تری ئەم سەمینارە بۆ زیدە کردنی زانیاری ئاوارەکانی دووره خاك و نیشتمانی داگیرکراو ٠ هەروەها ڕێکخراومان پێ خۆش حالی خۆی دەردەبریت بەرامبەر یارمەتی و هاوکاری ماموستای بەرێز جەمال نەبەز کە هەلی پێ هەلسانی بەم کارە بە نرخە دەست خستوە ٠
ئیتر سەرکەوتن بۆ ئیوەو سەرفرازای بـو کـورد ٠

ڕێکخراوی خوێندکارانی سۆسیالیستی کورد لە ئە ورروپا
لقی دانیمـــــــــــــارك

# پێرستی باسەکان

(١) ـ وتەی سەرەکی

(٢) ـ سڵاوکردنەوەی سەمینار

(٣) ـ چوونەپێشەوەی باس

(٤) ـ تایبەتکارەکانی کورد بوون:

(أ) ـ زمان

(ب) ـ بنەچەو رەچەڵەک

(ج) ـ نیشتمان

(د) ـ ئاین

(ئە) ـ کولتوور

(ف) ـ هەستی ولاتیەکی کورد بوون

(٥) ـ پێناسەکانی کورد بوون لای کورد و لای بێگانە

(٦) ـ دوا وشە

(٧) ـ ژێدەرەکان

(٨) ـ چەند تێبینی یەک

هەوارنامەی کتێب

(٣٣) تەماشای کتێبەکەی هەملتن بکە :

Hamilton, A.M.: "Road through Kurdistan", London 1937, p.197.

(٣٤)ـ تەماشای سەرچاوەی خوارەوە بکە :

Küchler, Hannelore: Öffentliche Meinung..

سەرچاوەی پێشوو ل

(٣٥)ـ تەماشای ئەو سەرچاوەیە بکە کە لە ژێدەری نمرە (٢١)دا باس- کراوە، ل ٣٦ .

(٣٦)ـ تەماشای کتێبەکەی ئیگلتن بکە :

Eagleton, William Jr.: "The Kurdish Republic of 1946", London 1963.

(٣٧)ـ کیشلەر، هەنەلۆرە : سەرچاوەی پێشوو ، ل ١١٢ .

(٣٨)ـ سەرچاوەی پێشوو ; هەر ئەوێ .

(٣٩)ـ لە رۆژی ١٤/٤/١٩٨٤دا لە بەرلین سەمینارێکم سازکرد لە ژێر نێوی " رەنگدانەوەی بیری کاژێک لە ئەدەبیاتی هەوردە بۆرژوازیی کورددا " ئەم سەمینارە بە بۆنەی تێپەڕبوونی چارەکەچەرخێکەوە بەسەر دامەزراندنی کاژیکدا باسکرا .

(٤٠)ـ جەمال نەبەز : ئۆتۆنۆمی یا کوردستانێکی سەربەخۆ یا بڕیاری چارەنووس لە ئازادیدا و بۆ ئازادی . وتاری سەمیناری رۆژی ١١ ی مایسی ١٩٨٥ لە ستۆکهۆلم ( سوێد ) . بنکەی چاپەمەنیی ئازاد ، ستۆکهۆلم ١٩٨٥ .

(٤١)ـ بەعسییەکان بە وەزیرەکانی " نێوچەی ئۆتۆنۆمی " دەبێژن " ئەمین " بۆ ئەوەی ووشەی " وەزیر " بەکارنەهێنن ، نەوەک نێوچەکە لە دەوڵەتێک بچێ و تامی " فیدەراسیۆنێک " بدات .

(٤٢)ـ مجلة الحكم الذاتي (ئۆتۆنۆمی) یصدرها المجلس التشریعی لمنطقة کردستان. العدد (٢)، السنة التاسعة، اربیل ١٩٨٥ ص٤٧.

(٤٣)ـ سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٥.

(٤٤)ـ سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٨.

(٤٥)ـ لە گێڕانەوەی ئەم هۆنراوانەی "ئەحمەدی"دا پەنام بردە بەر بیرەوەریی خۆم. ئەم هەڵبەستانەم لە دەورانی منداڵیدا لەبەرکردووە و لەوانەیە بە تەواوی لەرووی ووشەبەندییەوە سەد لەسەد وانەبن، بەڵام لەرووی ماناوە بە تەواوی وانە. ئەمەشم بۆیەک باسکرد؛ چونکە لەم کاتەدا "ئەحمەدی"م لەبەردەستدا نییە.

(٤٦)ـ خانمی Corinne Taor پەیامنێری رۆژنامەی فەرەنسی Libération لە ژمارەی رۆژی ١٩٨٤/١٠/١٧ یدا باسی گوندێکی کوردستانی داگیرکراوی تورکیا دەکات و دەبێژێ: "خەڵکەکەی ئەوێ هەموو پێیان وایە کە حکوومەت بڕیاری داوە کە لەو کوێرەوەرییەدا بیانهێڵێتەوە، خەڵکەکە دەبێژن: "ئەمە هەمووی لەبەرئەوەیە کە ئێمە کوردین. تەماشاکە ئێمە مافمان لە هیچ شتێکدا نییە. نەشەقاممان هەیە، نە کارەبامان هەیە، نە ژێرابمان هەیە، ئایە ئێمە هەموومان پێشمەرگەین؟ لێرە هیچ جۆرە سەربەستییەک نییە بۆ کورد". پەیامنێر ئەوجا لەبارەی هەوڵنەدانی زارۆی کوردەوە بۆ فێربوونی زمانی تورکی دەبێژێ: "دیاردەیەکی دیکەی کۆلۆنیزەکردنی (کوردستان) پەروەردەکردنەکە بەکارهێنانی زمانی کوردیی بە تەواوی قەدەغەکردووە (تورکیا دان بە بوونی کورددا نانێ). لە گوندی کەمینە ئەو مامۆستایەی کە دانراوە بۆ فێرکردنی دەرزی کولتووری تورک، مامۆستایەکی لاوی ٢٧ ساڵییە ناوی ئەحمەدە. ئەحمەد هەر لەسەرەتاوە کارەکەی بەوە دەستپێکرد کە وێنەیەکی گەورەی ئەتاتورک، دامەزرێنەری کۆماری تورکیای بە هەموو دیوارەکانی قوتابخانەکەدا هەڵواسی، ئەو ئەتاتورکەی کە خاوەنی ئەو قسەیەیە کە کوردەکان تیژیی پێوەدەکەن و دەبێژێ:

لە چاپدانەوەی گۆواری «پەیژە» کە لە ڕۆژی خۆیدا کەلەبەرێکی گەورەی پڕ کردۆتەوە ، لەگەڵ لێدوان‌و لێکۆڵینەوەی ناوەرۆکی ئەو سیپارە بە نرخە ، کارێکی هێجگار پەسندو بەجێیەو ئەم تەقەلایەی کاك مومتاز حەیدەری سوپاس هەڵگرو شیاوی ئافەرینە .

**بەڵام ، لەرێ سیپارەی «پەیژە» کێ نوسیویەتی ؟ کێ هەیە بە ڕاشکاوی بێتە زمان‌و پێمان بڵێ خاوەنی ئەم هەستە پاکەو ئەم بیرە دڵسۆزانەی کوردایەتی‌یە ، کێ بوەو چۆن ژیاوەو لە کوێ سەری پڕ لە ئاواتی بەدی نەهاتوی ناوەتەوە ؟**

دەربڕینی ڕای جۆراوجۆر بۆ ساخ کردنەوەی بناخەی کێلەشین‌و ئەشکەوتی شانەدەری‌و شوینەوارەکانی نارام‌سین لە کوردستاندا جێی خۆیەتی ، بەڵام ئایا ڕەوای هەقە مێژوزان‌و نوسەرو کوردناسەکانمان سەبارەت بە تێکۆشەرێکی جێی شانازیمان کە چل ساڵ لەمەوپێش کۆچی کردوەو ئەوانەی دیویانە هێشتا زیندون‌و ماون وەڵامێکی دو دڵانە بە دەمی داچەقاوەوە دوپات بکەنەوە ؟

پیاو گریانی دێ . گریان بۆ مستەفا شەوقی نا کە ساڵی -١٩٢٦- سەرنوسەری «بانگی کوردستان» بوەو پاشان گۆواری «پەیژە»ی بڵاو کردۆتەوەو بە تەما بوە پاشتر (ڕۆژنامەیێکی کوردی بۆ ڕابێ بێت)و[1] . . . لە پڕێکا وەکو بەردی بن‌گۆم بێ سەرو شوێن چوە ، گریان بۆ ئەو نا چونکو بە هیچ ناچێ . . . گریان بۆ نەتەوەی کوردیش نا کەوا کەڵە پیاوانی پەنجا ساڵ لەمەوبەری خۆی ناناسێت‌و لە بیریان دەکا ، چونکو شتی لەم بابەتەمان زۆرن .

---

(١) دەق ڕستەیێکە مستەفا شەوقی لە لاپەڕە (٢)ی پەیژەدا وەکو ئاواتێك دەری بڕیوە .

